# (تراژیدیای هەڵەبجە)

نوسینی

سالار حەمە سور باسیرە (ئەڵمانیا)

ناوەڕۆك

2) ململانێی نێوان حکومەتی ئەمریکی و ئەڵمانیا سەبارەت بە چەکی کیمیاوی عێراقی
3) هەڵوێستی کاربەدەستانی ئەڵمانیا
4) لیستەی ناوی هەندێ لە کارگە ئەڵمانیەکان
5) دادگانەکردنی کارگە لێپرسراوەکان
6) ئەڵمانیا و ئاوشڤیتس
7) ئەڵمانیا و ئیسرائیل
8) هەڵوێستی ئەڵمانیای ڕۆژهەلات و حکومەتی مۆسکۆ
9) بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە ڤێتنام
10) کۆنگرەکەی پاریس
11) کورد لە دەرەوە و لە ئەڵمانیا چ هەنگاوێکی ناوە بۆ ئەم مەبەستە؟
12) پرۆفیسۆر هێندریکس سەرۆکی یەکەم وەفدەکەی U N بەم شێوەیە باسی گەشتەکەی هەڵەبجەی بۆ کردم
13) ئەنجامی لێکۆڵینەوەی وەفدەکەی UN
14) نەبریندار و نەخوێن لەسەر جەستەی کوژراوەکان دەبینران
15) یاساکانی مافی مرۆڤ لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا
16) هەڵەبجە و ئەنفال مەلەفێکی سیاسی گەورەیە

www.kurdistannet.org
کوردستاننێت

## پێشەکی

من لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا چەند مەلەفێکم لە بەشەکانی میدیا و ئەرشیفی ئەڵمانیی سەبارەت بەم بابەتەی بەردەستت کۆکردۆتەوە و ئەرشیف کردوە کە گرنگیەکی تایبەتی خۆی هەیە بۆ دروست کردنی بابەتێکی تێروتەسەل لێی. بە هیوای ئەوەی لە ئاییندەدا بە پێی بارودۆخ بتوانم پرۆژەیەکی بە نرخی لێ دروست بکەم. ئەم کارەساتە مێژوییە بە تەنیا یاد کردنەوەی بەس نیە و مەسیرەکەمان هێشتا دورودرێژە. پێویستە لەسەر مستەوای ناوخۆ و نێودەولەتی لێکۆڵینەوەی تایبەتی خۆی بۆ بکرێت و ئەم ئەرکەش بە پلەی یەکەم کەوتۆتە سەر شانی ئێمەی کورد خۆمان. پێویستە لە کوردستان ئینستیتوتێکی لێکۆلینەوە لەسەر ئاستی حکومی بۆ دابمەزرێت، هەروەك چۆن ئینستویەکی لەم جۆرە بۆ ئەنفالیش ئێتر پێکەوە، یان بە جودا پێویستیەکی مێژویی و نەتەوەییە. هەلەبجە و ئەنفال مەلەفێکی گەورەیە بە دەست کوردەوە.

---

(1)

### ململانێی نێوان حکومەتی ئەمریکی و ئەڵمانیا سەبارەت بە چەکی کیمیاوی عێراقی

حکومەتی ئەڵمانیا بە لایەنی کەمەوە لە ساڵی 1983 وە زانیاری لە لایەن حکومەتی ئەمریکیەوە هەبوە کە حکومەتی عێراق بە یارمەتی کارگەکانی ئەلمانیای ڕۆژئاوا گازی ژەهراوی (چەکی کیمیاوی–ژەهری تابون) دروست دەکات. سی ئای ئەی (CIA) کاتی خۆی وەزیری ئابوری ئەو سەردەمەی ئەلمانیا لە ئەمریکا (Bengeman) لەم مەسەلەیە ئاگادار کردبۆوە کە هەواڵەکە بگەیەنێت بە حکومەتەکەی خۆی. دوای ئەوەی کە حکومەتی ئەلمانیا هەلویستی نیشان نەدا، دواتر موخابەراتی ئەمریکی ئەم زانیاریانەی گەیاندە دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن. لە بەهاری ساڵی 1984 ڕۆژنامەی (نیۆرك تایمز) ئەم هەوالەی بلاو کردەوە کە بە تایبەت دوو کارگەی ئەلمانی (کارل کۆلب/پیلۆت پلانت) لە ناوچەی درای ئایش لە هەرێمی (هێسن) لە نزیك شاری فرانکفورتی ئەلمانیای ڕۆژئاوا بە چاو داخستنی حکومەتی ئەلمانی لێی، لەماوەیەکی دوو ساڵیدا دامودەزگای موختەبەر و زانیاری و کەرەسەی پێویستیان بە حکومەتی عێراقی فرۆشتوە و بۆیان

گواستۆتەوە بۆ عێراق و لەوێ بۆیان دامەزراندون ، گوایە بۆ دروست کردنی مەوادی لەناو بردنی حەشەراتی دژ بە کشتوکاڵ . بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵێك لە شارەزایانی ئەڵمانی لە عێراق کاریان کردوە ، و بەم هۆیەوە حکومەتی عێراقی توانیویەتی چەند گازێکی ژەهراوی دروست بکات و بیکاتە چەکێکی کوشندەی بە کۆمەڵ کوژی نێو دەولەتیی قەدەغە کراو . لەناو ئەم گازانەدا (تابون) کە ئەڵمانەکان خۆیان لە سالی 1936 دۆزیانەوە و دروستیان کرد و لە جەنگی یەکەمی جیهانی دا بەکاریان هێنا کە ئەنجامی کوشندەی بە کۆمەلی بەدوای خۆیدا هێنا .

ڕۆژنامەی نیۆرك تایمز لە 30+1984/3/31 دوبارە دەربارەی مەسەلەکە کۆلیوەتەوە . سەرچاوەی زانیاریەکانی نیۆرك تایمز دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی بەرگری ئەمریکی ، وەزارەتی دەرەوە و دەزگای موخابەراتی ئەمریکی .

لە ڕۆژی دوایدا هەواڵی دروست کردنی ئەم چەکە خەتەرە لە ڕۆژنامەی (فرانکفورتەر ئەلگەماینە تسایتونگ) ی ئەڵمانی بلاو کرایەوە ، و تێیدا باسیان کرد کە لایەنی ئەمریکی پێشتر چەند جارێك بە گرنگیەوە بە ڕێگای سلکی دبلۆماسی ئەم زانیاریانەیان گەیاندوە بە حکومەتی ئەڵمانیای فیدرالی ، بەلام جدیەتی مەسەلەکە لەم لایەنەوە پشت گوێ خراوە .

ڕۆژنامەی ناسراوی ئەڵمانی (تاتس ، TAZ) کە لە بەرلین دەردەچێت لە هەمان ڕۆژدا باسەکەی بەم شێوەیە درێژە پێدا : "پەیوەندی دەزگای موخابەراتی ئەمریکی بە ئەڵمانیاوە سەبارەت بەم کێشەیە دیارە پەیوەندی بەووەوە هەیە کە بە پێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (لۆس ئەنجلس تایمس) حکومەتی ئەمریکی بیەوێ فرۆشتن و ناردنی کەرەسەی کیمیاوی بۆ عێراق و ئێران قەدەغە بکات کە بۆ دروست کردنی گازی (زێنف) و چەکی تری کیمیاوی دەتوانرێ بەکار بهێنرێ . ئەو کارگانە بۆ ئەو مەوادە کیمیاویانەی کە ئێستە بە بێ کێشە و گیروگرفت دەتوانن بنێردرێنە دەرەوە پێویستە بۆ ئەم جۆرە مەوادانە داوای ڕوخسە بکرێ ، کە ڕێگا بە ناردنە دەرەوەیان نەدرێ . بەلام ناوی جۆری مەوادەکان نەهێنرا بوون . بە پێی شارەزایان پێنج ، یان شەش مادەن کە ئاسایی خەتەر نین ، بەلام لە پەیوەندی و تێکەلاو کردنیان و بەکارهێنانی معادەلەی خۆی دەبنە چەکێکی خەتەری کیمیاوی کوژەر" .

گۆڤاری شپیگلی ئەڵمانی (SPIEGEL) لە 1984/8/6 دەنوسێت : "یەکەم جار موخابەراتی ئەمریکی ئەم زانیاریانەی لە مانگی سێ دا گەیاندە ڕای گشتی . ئیتر لەم کاتەوە ئەمریکیەکان و ئیسرائیلیەکان پالەپەستۆی خۆیان لەسەر حکومەتی ئەڵمانی پترتر کرد کە ڕێگا بە فرۆشتن و ناردنی ئەو مەواد و دەزگایانە نەدات بۆ عێراق کە بەڕەسمیی گوایە بۆ دروستکردنی مەوادی پارێزگاری کردن لە ڕوەك دروست دەکرێ . موخابەراتی ئیسرائیلی (موساد) بە پالپشتی وێنەی سەتەلایت و هەروەها زانیاریەکانی حکومەتی ئیسرائیل خۆی بە تەواوی تەئکیدیان لەسەر ئەوە کرد کە عێراق بە یارمەتی ئەم مەوادانە چەکی کیمیاوی دروست دەکات . لە مانگی 84/5 تەنانەت موخابەراتی (CIA) هاتنە وەزارەتی ئابوری ئەڵمانیا لە شاری (بۆن- دویسدۆرف) بۆ ئەوەی گومانەکەیان لەسەر ڕۆشنایی عەرزێکی (وێنە و دەنگ) بە پڕاکتیك بخەنە بەردەم . ئەمریکیەکان ئەو زانیاریەیان خستە ڕوو کە کارگەی گازی ژەهراوی لە سامراء/عێراق شەش قات بۆ ژێر زەوی قولە . . . کەچی ئەم بەلگە و زانیاریانەش لە زۆر خالدا بۆ ئەڵمانەکان بە هێندە وەرنەگیرا و ئەم گوناهبار کردنانەیان ڕەت کردەوە . دوای هەول و ڕونکردنەوەیەکی تری زۆری زانستانە وەزیری ئابوری ئەڵمانیا سکرتێرێکی دەولەتی ڕاسپارد کە ئاگاداری ئەو کارگانە بکات بەلکو بە ئارەزومەندانەی خۆیان دەست لەم فرۆشتن و ناردنی بازرگانیە هەلبگرن بۆ عێراق بەلام سەرکەوتو نەبوون لە داواکاریەکەیاندا" . وەزارتی بەرگری و وەزارەتی دەرەوە و موخابەراتی ئەمریکی لەم بەروارەدا قەناعەتیان وابوو کە عێراق لە چەند هەفتەیەکدا دەچێتە بارودۆخێکی ئاوها کە بتوانێت بە گازی ژەهراوی ، یان باشتر بلێین بە چەکی کیمیاوی هێرش بکاتە سەر سوپای ئێرانی . ئێرانیەکان لەو دوایەدا قیناعی دژ بە هەلمژینی گازی ژەهراویان لە شەڕەکەدا بەکار دەهێنا ، بەلام هێزی پێشمەرگەی کوردستان و خەلکی مەدەنی کورد بە هۆی بێ توانایی و بێ دەرامەتی و بێ کیانیی خۆی تەسلیم بە واقعی کوشتن و خنکاندن ببۆوە بەرامبەر بە ژەهر و چەکی کیمیاوی حکومەتی عێراق . لە 1984–1986 حکومەتی عێراقی 133 جار چەکی کیمیاوی دژ بە ئێرانیەکان بەکارهێنا کە بوە هۆی بەلایەنی کەمەوە کوشتنی (50) هەزار سەرباز . لە پرسیار و وەلامدا حکومەتی عێراقی وتبوی کە ئەمان ئەم مەوادی کیمیاویانەیان بۆ قڕ کردنی مێش و مەگەز کڕیوە . لە سالی 82/1981 بە پێی زانیاری موخابەراتی ئەمریکی ، عێراق (10ملیۆن) مارکی ئەڵمانی لە کارگە و دامودەزگادا سەرف کردوە گوایە بۆ مەبەستی لەناو بردنی مێش و مەگەز لە کاتی بەرگرتن و بەرهەمی خورما . سەفیری ئەو کاتەی عێراق عبدالرزاق الهاشمی هەمان قسەی دوبارە دەکردەوە . بڕوا نەبون بە قسەکانی حکومەتی عێراق لەوەشدا بوو کە هەر حکومەتە کە خۆی بەپەرۆش نەبوە بۆ مەسەلەی کشتوکال و دوارۆژی جوتیاری عێراقی ، کە خۆی بەهۆی شەڕی ئێران و ئۆپۆزیسیۆنی شێعە بە سەدان هەزار دارخورمای لە خواروی عێراق بڕییەوە ، و هەروەها بە نەخشە هۆرەکانی وشك

کرد و ئابوری کوردستانی هەلتەکاند و بە هەزاران گوند ، و هەروەها ژینگەی کوردستان وێران کرا و زەهر دەکرانە ناو کانیاوەکانەوە و سەریان بە چیمەنتۆ دادەپۆشران و دار و درەختی ولاتەکە دەبڕدرایەوە و مەوادی کیمیاویان پێدا دەکرا . . .

(2)

هەڵوێستی کاربەدەستانی ئەڵمانیا

دوای هێنان و بردنێکی زۆر مەسەلەکە لە 1984/4/12 خرایە بەردەم پەرلەمانتی ئەلمانیا (بوندس تاگ) . ئەندامی پەرلەمانتی سەر بە پارتی سۆشیال دیموکرات (گێنسل) کە ئەو کاتە لەئۆپۆزیسیۆندا بوون کە خوی شارەزا و لێپرسراوی ئەم بوارەیە ، سەبارەت بە کێشەکە کۆمەلە پرسیارێکی ئاڕاستەی (د . مێرتس) وەزیری دەولەی پارتی دەسەلاتداری ئەو کاتە کرد (پارتی یەکێتی مەسیحیە دیموکراتەکان) کە بە ناوی حکومەتەکەیەوە هەلۆێستی دەربڕی . لەبەر دورودرێژیی وتوویژەکە تەنیا سەرنجێکی کورتیم تێدا هەلبژارد کە دەلێت :

پرسیاری (گێنسل بۆ د . مێرتس) : "ئایا بە کاردانەوەیەکی گونجاوی نازانیت کە لەبەر بەرژەوەندی و ئابرۆی ئەڵمانیا لەبەردەم ڕای گشتیدا ، و هەروەها لە پێناو قەدەغە کردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی ، کە لێرەدا حکومەتی ئەڵمانی ڕوخسەی ئیقامە لە کارگە بیانیەکانی دروستکەرانی فڕۆکەی سەربازیی بۆ عێراق لە ئەڵمانیا و فڕۆکەچیە عێراقیەکان کە ماوەیەکە بۆ فێرونی پیشەکەیان لە کارگەیەکی گەورەی ئەڵمانیان بسەنێتەوە هەتا کاتی دلنیا بوون لەوەی کە عێراق دوبارە پەنا نەباتە بەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی نێودەولەتی قەدەغە کراو" ؟

وەلامی د . مێرتس : "کاك گێنسل ئەمەی تۆ دەیلێیت بە واتا سزادان دەبەخشێت . من ئەم شتە بە باش و گونجاو نازانم" . بە پێی قسەی وەزیری دەولەت ئەم کارگانە لە ناوەڕاستی هەفتاکانەوە لەم جۆرە کەرەسە و مەوادانە بە عێراق دەفرۆشن . کێشەکە دیارە دەبێت بەم جۆرە بوبێت : دوای ئەوەی کە حکومەتی ئەمریکی بە ڕێگای دبلۆماسی هیچیان چنگ نەکەوت بەرامبەر بە ئەلمانیا ، و کارگە کیمیاویەکانی عێراقیان ئەوەندە بە خەتەر لە قەلەمدا کە دواتر پەیوەندیان بە هاوپەیمانەکانیانەوە کرد بۆ تەئسیر دروست کردن بەهەمان ئیتجاهی ئەمریکیدا . ئەلمانیا کوتوپڕ بە خێرایی کەوتە کردار نیشاندان هەرچەندە هەمیشە و دوبارە دەیوت ئەو مادانەی کە ئەم کارگانە دەینێرن (کارل کۆلب/پیلۆت پلانت) هیچی بۆ دروست کردنی چەکی کیمیاوی ناگونجێن و بۆ مەبەستی شتی ڕوەکن (نباتی) . کەچی لە 1984/5/15 لە یاساکانی دەرەوەی ئابوری ئەلمانیا لەبواری عێراقدا ناردنی پێنج مەوادی کیمیاوی لەم جۆرانەی قەدەغە کرد کە بۆ دروست کردنی چەکی کیمیاوی بەکار دێن . هۆلەندە و ئەمریکا فرۆشتن و ناردنی 8 – 11 مەوادی لەم جۆرەیان بۆ عێراق قەدەغە کرد . دواتر لە 1984/8/6 حکومەتی ئەلمانی ڕوخسەی ناردنە دەرەوەی چەند دەزگایەکی کیمیاوی تری قەدەغە کرد . بەلام لە دوایدا دەرکەوت کە کارگەکان ئەم جۆرە کەرەسە و مەوادانەیان بە ڕێگای ناردنی بۆ دەولەتێکی تر و بە ناوی فرۆشتنی بە شوێنی تر لەوێوە نێردراون بۆ عێراق هەروەك ئەوەی کە بۆ لیبیایان ناردبوو کە ئەمەش بوە کێشەیەکی گەورەی نێوان ئەلمانیا و ئەمریکا . ئەوە بوو حکومەتی ئەمریکی قەسفی ئاسمانیی ئەو شوێنانەی کرد لە لیبیا کە ئەم دەزگا نهێنیانەی تێدا دروست دەکران لە ربیە . بە ڕێگای موراقەبەی سەتەلایت بە تایبەت حکومەتی ئەمریکی نهێنیەکانی لیبیا و عێراقیشی بەباشی دەزانی و لە نزیکەوە بەدوای مەسەلەکەوە بوو . ئەمڕۆکە ئەو ئۆپۆزیسیۆنەی دوێنێ لە حیزب و لە بەشەکانی ڕاگەیاندنی ئەلمانیاسەر ، یان نزیك بە خۆیان کە بە توندی و ڕەخنەگرانەوە کە تەنیا وەك ڕاگەیاندن باسیان لێوە دەکرد ئێستا کە دەسەلاتیان گرتۆتە دەست هەتا ئەمڕۆ بە هیچ شێوەیەك باس لەم مەسەلەیە ناکەن و مەلەفەکەیان داخستوە ، هەروەك ئەوەی کە هەتا لە ئۆپۆزیسیۆندا بوون پێویستیان بەو سیاسەتە هەبوبێت بۆ بەرژەوەندیەکی تایبەتی سیاسی و حیزبی و مەبەستی هەلبژاردن .

(3)

لیستی ناوی هەندێ لە کارگە ئەڵمانیەکان

دەمێکە شتێکی نهێنی نیە کە ئەم کارگە و دەزگا ئەلمانیانەی لێرەدا ناویان دەهێنم بەشداری فرۆشتن و ناردنی زانیاری و کەرەسە و دروست کردنی دەزگای چەکی کیمیاوی بوون بۆ عێراق :

ناوی بەشێکی زۆر کەمی کارگەکان :

Preussag AG

Hauptsitz: Leib۳،

Filialen: 2

Kanalstr. 103
1000 Berl. in 47
Tel. 030/6 60 00 10

Lieferte die Wasseraufbereitungsanlage.
Messerschrnitt E) lkow
8012 Ottobrunn Blahm Postanschrift: Postfach
i) 000 Münt 1109
Tel ۰۸۹/ ٦۰۰۰ ، -0 hen 80

Gildemeister Projecta Postfach 110180 4800 Bielefeld 11 Tel. 05205/751 -0

Karl Kolb GmbH lrn Steingrund 3
6072 Dreieich Buchschlag Tel. 06103:6530
Geschئftsführer: Herr Backfisch

Deutsche Bank-
Deutsche Genossenschaft
Finanzierten das Geschئft
Krauskopf GmbH Leunastr. 48
2000 Hamburg 50
Tel. 040/857 46 4-66
Geschئftsführer: Reinhold Krauskopf، Adalbert Meyer
Firma Herbiger

Lieferte die Klimaanlage
Plato Kühn
Neustadt a. Rübenberge Landwehrstr. 39
Geschئftsführer: Josef Kühn

Koordinierte das B-Waffengeschئft
Sigrna Chernie Grünwalderweg 30 8024 Oberhaching Tel. 089ro1301-0

Lieferte die B-Waffen
Gewer BaYeFn Fahrzeugbau 895OK 'bestr. 61
T. I. (8، aufbauten Gesch 341/62097
ئftsführer: Anton Eyerie

Liefe rte fahrbare Labors in den Irak.

(4)

دادگا نەکردنی کارگە لێپرسراوەکان

هەتا ڕۆژی ئەمڕۆش ئەو کارگە ئەڵمانیانەبە شێوەیەکی جدی نەدران بە دادگا و بەر سزای توندی یاسا نەکەوتن . تەنیا دوو کارگەیان لەبەر ڕای گشتی و زەختی ئەمریکا خستە بەردەم لێپرسینەوە ، کە بە دەگمەن پرۆسەکانیان دەبیستران . ئەمەش ئەوەندە هێنران و بران هەتا لە بیر چونەوە . یان دوای ماوەیەکی درەنگ نوسینگە و سەنتەرەکانیان دەپشکێندرێن کە هەتا ئەو کاتە هیچ مەلەفێکی تێدا نەماون و دور خراونەتەوە .

(5)

ئەڵمانیا و ئاوشڤیتس

یەکێك لەو شێوەی بە کۆمەل کوشتنانەی کە ڕژێمی هیتلەر بەرامبەر بە یەهودیەکان ڕەفتاری پێوە دەکرد بریتی بوو لە کوشتنیان بە گازی ژەهراوی (چەکی کیمیاوی) . یەکێك لەو شوێنانەی ئەم قڕکردنەی تێدا کرا بریتی بوو لە ئاوشڤیتس . ئاوشڤیتس ئەو ناوچەیە بوو کە نازیەکانی ئەڵمانیا بە سەدان هەزار و بگرە ملیۆن هاوولاتی یەهودیان بە گازی ژەهراوی تێدا خنکاند بێ گوێ دانە ژن و پیاو و مندال و پیرو پەککەوتە . قوربانیەکان دەبوایە پێشتر جل و بەرگەکانیان دابکەنن و پێیان دەوتن کە بۆ حەمام کردنیان دەبەن . لەکونی سەر خانەکەوە گازە ژەهراویەکەیان بۆ دەڕژاندنە خوارەوە بۆ ناو هۆلی حەمامەکە . یەکێك لە بیر کردنەوەی نازیەکان بۆ ئەم شێوە کوشتنە ئەوە بوو کە بتوانن بە نرخێکی زۆر هەرزان زۆرترین ژمارەیان لێ بکوژن . ئاخۆ هۆی ئەوە لە چیدا بێت کە مرۆڤ بتوانێت ئەوەندە دڕندە بێت؟

35 ساڵ لە دوای ئاوشڤیتس کارگەکانی ئەلمانیا بە زانین و چاوداخستنی حکومەتی ئەلمانیا ئەوەی بۆ حکومەتی عێراق دروست کرد کە ئەنجامەکەیمان نەك هەر لە جەنگی یەکەم و دوەمی جیهانیدا بەڵکو لە هەلەبجە و ناوچەکانی تری کوردستان و لە شەڕی عێراق - ئێران یشدا بینی . هەرچەندە بە تەنیا ئەلمانیا نەبوە کە کەرەسەی پێویستی بە حکومەتی عێراقی فرۆشتبێت بۆ ئەم مەبەستە ، بەلام ئەلمانیا ڕۆلی سەرەکی و گرنگی بینیوە تێیدا . لەبەر ئەوەی کە ئەم ولاتە لێپرسینەوەیەکی گەورەی لە مێژوی خۆیدا هاتوتە سەر دەبوایە بە هیچ شێوەیەك بیری لەوە

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

نەکردایەتەوە کە ڕێگا بدات بە فرۆشتنی ئەم جۆرە چەکە کوشندەیە . ئایا بۆچی و لە پێناوی چیدا کرا ؟ هەربۆیە لێپرسینەوەیەکی گەورە هاتۆتە ئەستۆیان بەرامبەر بە نەتەوەی کوردیش ، بە تایبەت بەرامبەر بەو چەند هەزار مرۆڤەی کە بە گازی ژەهراوی ئەلمانی خنکێندراون . ئەلمانیا چیتر ناتوانێت کوژراوەکانمان زیندو بکاتەوە بەلام بە لایەنی کەمەوە دەکرێ :

1 ) تەعویز و درێژ کردنی دەستی یارمەتی بۆ پاشماوەی بریندارەکان بە کیمیاباران درێژ بکەن کە توشی زیانی مادی و گیانی و ڕۆحی بوون ، و هەروەها بەشدار بن لە ئاوەدان کردنەوەی شار و ناوچەکانیان و پاککردنەوەی ژینگەی ناوچەکە لە شوێنەواری چەکی کیمیاوی .

2 ) جارێکی تر نەک هەر ئەم جۆرە چەکانە بە عێراق و بە هیچ لایەنێکی تر نەفرۆشن ، بەلکو یاسای دەولەتەکەیان توند بکەن کە ڕێگر بن لە دوبارە بونەوەی ئەم تراژیدیایانە و مرۆڤ دەبێت لە سەرمایە و پارە بەنرختر بێت . ئایا ئەگەر ولاتێکی تر ئەوەی بەرامبەر بە ئەلمان خۆیان بکردایە چییان دەوت و چییان دەکرد ؟

3 ) هەول بدەن کە کێشەی کورد لە کوردستانی عێراقدا لە کێشەیەکی مرۆییەوە بکەنە کێشەیەکی سیاسی بە تایبەت کە ئەلمانیا لە دوای کۆتایی هاتن بە شەڕی سارد و هاتنە کایەی سیستەمی نوێی جیهانیی ئێستا کە ڕۆلێکی ئابوری و سیاسی گرنگتر دەبینێت وەک لە جاران و لە ڕێگایدایە بشبێتە ئەندامی هەمیشەیی ( مجلس الامن الدولی الدائم ) ی یەکێتی نەتەوە یەکگرتووەکان .

بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و بایۆلۆجی کێشەیەکی نێودەولەتیە ، نەک نێوخۆی کورد . بەلێ چەکی بایۆلۆجیش خۆی بۆ خۆی باسێکی تری تایبەتە کە ئیسپاتەهەیە بۆ بەکارهێنانی لە کوردستان لە لایەن حکومەتی عێراقەوە لەناو کوردە ڕاگوێزراوەکانی ناو ( مجمعات ) ەکان کە تەجروبە کردنی ئەم چەکە بەسەر مرۆڤدا یەکێک بوە لە ئامانجەکانی حکومەتی بەغدا .

4 ) کارگە لێپرسراوەکان بدرێنە دادگا و دادپەروەرانە حوکمیان لەسەر بدرێ ، بەوەی کە دەلێن دادگا لە ئەلمانیا دەزگایەکی سەربەخۆیە . هەروەها هەموو ئەو سیاسەتمەدار و دەسەلاتدارە حیزبی و حکومیانەی کە لەسەرەتاوە ئاگادری مەسەلەکە بون و لەبەر بەرژەوەندی ئابوری و سیاسی چاویان لە فرۆشتن و ناردن و دروست کردنی ئەم دەزگا و چەکە بۆ عێراق داخست کە جیهان بە چاوەکانی خۆی ئەنجامەکەی بە ڕونی بینی .

ئەمرۆکەش بێگومان زیندوکردنەوەی ئەم شتە لە بەرژەوەندیان نابێت . کۆمەلێک لە دەسەلاتداران و سیاسەتمەدارانی ئەلمانیا لە ناو هەموو پارتە سیاسیەکان کە هەندێکیان ئەندامی پەرلەمانیشن خاوەن کارگە و پڕۆژەی ئابورین ، یان سەهمیان هەیە لە چەندین پڕۆژەی سەرمایەداری و کارگە و بانقدا لە ناوەوە و لە دەرەوەی ولات و تەئسیریان لەسەر سیاسەت و لەسەر دروست کردن و گۆڕینی یاسا ئابوریەکان هەیە . هەندێ جار خاوەن سەرمایە گەورەکان پارەیەکی زۆر ئەدەن بە کەسانێکی دەست ڕۆیشتو کە یاسایەک بباتە ناو پەرلەمان و بە پشتگیری کردن لێی بتوانێ بیکاتە یاسا . . . هتد .

(6)

ئەلمانیا و ئیسرائیل

ئەلمانەکان لەبەردەم حکومەتی ئیسرائیلدا خۆیان زۆر بە شەرمەزار و قەرزبار نیشان ئەدەن کە هەر دەشبێت وابێت بەوەی کە بەرامبەریان کراوە . فرۆشتنی چەکی کیمیاوی لە لایەن ئەلمانیاوە بە عێراق کە پێش داگیرکردنەکەی کوێت هەڕەشەی لە ئیسرائیل پێدەکرد کە نیوەی ولاتەکە بە چەکی کیمیاوی دەکوژێنێتەوە و دەسوتێنێ شوێنەواری خۆی لە سیاسەت و لە مێژودا بۆ زۆر لایەن بەرامبەر بە ئەلمان جێدێلێت . هۆکەیشی ئەوەیە چونکە ئیسرائیل حکومەتە ، خاوەن کیان و قەوارە و دەسەلات و هاوڕێیە . خاوەن جالیەی یەهودە لە دنیادا ، لە ئەوروپا و لە ئەمریکادا ، لە دەزگا ئابوری و سیاسی و حیزبیەکاندا و هەروەها لەسەر ئاستی دبلۆماسیدا . لەبەر ئەوەی کورد خاوەن ئەم دەسەلات و دەزگایە نیە و بێ کیان و بێ دەولەت و بێ پارێزەرە هەتا ئەمرۆکە نەک هەر تەنانەت داوای لێبوردن لە نەتەوەی کورد و لە قوربانیانی ژەهری کیمیاوی نەکراوە ، بەلکو تەعویزیش نەدراوە . ئیسرائیل لە تەعویزی بە گاز کوژراوەکانیان بە کوشتنی بە کۆمەلی یەهودیەکان بە ملیارد مارکیان داوا کردوە و سەندوە . هەر ئەوەندە دەبینیت کاربەدەستانی حکومی و حیزبی گەورەی ئەلمانیا دەچنە ئیسرائیل و لەوێ کلاوە بچوکە یەهودیەکەیان دەکەنە سەر و بەرەو شوێنی یاد کردنەوەکانیان دەبەن و لەبەر دەمیاندا دەیانچەمێننەوە .

(7)

هەلوێستی ئەلمانیای ڕۆژهەلات و حکومەتی مۆسکۆ

www.kurdistanet.org کوردستانەت

ئەگەر خوێنەر پرسیاریشم دەربارەی هەلوێستی ئەلمانیای ڕۆژهەلاتی ئەو سەردەمەی سەر بە (معسكر الاشتراكی) ئاراستە بكات، من تەنیا بە یەك نمونە وەلامی ئەدەمەوە: لە ڕۆژنامەی (NEUES DEUTSCHLAND) بە واتا ئەلمانیای نوێ كە ڕۆژنامەی ڕەسمیانە لە بەرواری 18/3/1988 بابەتێكی نوسیبو لەژێر ناونیشانی: " سیاسەتمەدارد . منچر ابراهیم الشاوی لە كۆماری عێراقەوە لە ئەنجومەنی وەزیرانی كۆماری ئەلمانیای دیموكراتی لەلایەن ڤیلی شتۆفس پێشوازی لێكرا " . لە یەكێك لە ئەستونەكانیدا ڕۆژنامەكە دەنوسێت: "هەردوو لایەن جەختیان لەسەر ئەوە كردوە كە هێشتنەوە و پارێزگاری كردنی ئاشتی جیهانی، وهەولی هەموو هیمەتێك بۆ كەمكردنەوە و نەهێشتنی چەك (تسلح) لەسەر ڕوی زەوی واتایەكی گرنگی ژیانیی هەیە بۆ دوا ڕۆژی سەرجەم مرۆڤایەتی . . . " . دوبارە دەمەوێت ئاماژە بۆ بەرواری پێشوازیەكەی سیاسەتمەداری عێراقی بكەم لەلایەن ئەلمانیای ڕۆژهەلاتەوە كە دەگەڕێتەوە بۆ دوو ڕۆژ دوای تراژیدیاكەی هەلەبجە كە نەك هەر بە یەك وشە باسی لێوە نەكراوە، بەلكو لەو بەروارە ئەو پێشوازیەشیان لێكردوە .

هەر لە نزیكەی هەمان بەرواریش هاوڕێ كوردەكانی كوردستانی عێراق لە گوڕەپانی سوری مۆسكۆ نارەزاییەكی ئاشتیخوازانەیان دژ بە بەكار هێنانی چەكی كیماوی لە هەلەبجە ئەنجام دابوو، كە حكومەتی مۆسكۆ بەشێكی ئەم برادەرانەی لە سۆڤیەت دەركرد و بەشێكی كەشیانی لە مۆسكۆ دورخستەوە . ئەمەش ئەو جیهانەیە كە كوردی بەدبەختی تێدا دەژی .

(8)

بەكارهێنانی چەكی كیمیاوی لە ڤێتنام

"حكومەتی ئەمریكی لە شەڕی ڤێتنام و كەمبۆدیا چەند جۆرە مەوادێكی گوایە دژ بە حەشەراتی ڕوەك وەك ئەوەی عێراقی بەكارهێنا . ئەنجامەكانی بۆ ئەم دوو ولاتە لە ڕاپۆرتێكی (ئەكادیمی زانستی ئەمریكی) لە سالی 1974 خرایە بەردەم و لە ڕاپۆرتەكەدا هاتوە كە: بۆ دەیان و بگرە بۆسەدان سال دەخایەنێت هەتا شوێنەوار و ئەنجامی خراپی ئەم مەوادە كیمیاویانە نامێنن . ئەنجامی خراپی ئەم مەوادانە بۆ سەر مرۆڤ و لەدایك بوونی مندالی سەقەت نەك هەر بە تەنیا لە ڤێتنام بەلكو لە ئەمریكاش لە مندالانی سەربازێكی زۆر دەركەوتن كە لەبەكار هێنانی ئەم مەوادە كیمیاویانە لەو ولاتانە وەك ڤێتنام (ئیحتكاكیان) هەبوە . لە دوای ماوەیەكی دورودرێژ، چەندین مانگ، یان سال ئەنجامەكەی بەهۆی چەند (ئەعرازێكەوە) چاوەڕوان نەكراو دەردەكەوێ . شەڕی ڤێتنام دورودرێژترین و گرانترین شەڕ بوو لە مێژوی یەكێتی ولاتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا . بۆیەكەم جار لە مێژوی جەنگدا بە هۆی ئەمریكاوە ڕێژەیەكی زۆر لە (هێربیتسید) چەكێكی كیمیاوی دژ بە ڕوەك بەكار هێنرا . ئەنجامەكانی بریتێن لە وێرانكردنێكی مەدای دوور لە زەوی كشتوكالی و ناوچەی سەوزایی و گولوگولزار . لە 90٪ی بەرنامەی وێرانكردنەكە بە ئامانجی وشك كردن و وێران كردنی دارستانەكانی ڤێتنام بوو . ئامانجەكەی تری بۆ وێران كردنی بەروبومە كشتوكالیەكانیان بوو . كۆچی دانیشتوان لە ناوچە كشتوكالیەكانەوە بۆ شارەكانی ژێر كۆنترۆل كراوی ئەمریكیەكان دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجامی هێرشی مادەی (هێربیتسیت)، و لەوانەیشە ئەمریكیەكان ئەم دیاردەیەیان مەبەست بوبێت . شتێكی نهێنی نیە كە حكومەتی عێراقیش لە كوردستانی عێراق هەمان ستراتیجیەتی پەیڕەو دەكرد، بەلام بەهۆی سەرقالی حكومەت خۆی بە كێشەكانیەوە، و بەهۆی ڕاپەڕینی كوردەوە و هاتنە پێشی بارودۆخێكی نوێ حكومەتی عێراقی چیتر نەیتوانی درێژە بەو ستراتیجەی بدات لە كوردستاندا .

لە نێوان 1961 – 1971 یەكێتی ولاتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا بە تایبەت لە خواروی ڤێتنام، (91) تەن هێربیتسیتی بەكارهێناوە كە بریتێن لە چەند مەوادێكی كیمیاوی جۆراوجۆر . هەندێكیان وەك (ARGNTE ORANGE) كە زەهری (SEVESO DIOXIN-TCDD)ە، تەنیا ڕوەك وێران ناكات بەلكو مرۆڤ و ئاژەلیش . لە دارستانەكانەوە ئەم (دیۆكسین)ە چۆتە ناو چەم و ڕوبارە نزیكەكانەوە كە كاری لە تەركیبی كیمیاوی ماسی و چەند حەیوانێكی تری ئاوی كردوە كە دیارە لە خواردنیاندا دەتوانێت ئەنجام و شوێنەواری خراپی خۆی لە مرۆڤدا بە مەودای دوور جێبهێلێت . شوێنەواری ئەم هێرشی چەكی كیمیاویە هەتا ئەمرۆكە هێشتا دیارە . هەتا گەڕانەوەی بۆ بارودۆخە ئاسایەكەی خۆی ئەو ناوچانەی لە 1 – 3 جار ئەم مەوادانەی پێدا كراوە بە تەقدیر 80 – 100 سالی دەوێت . لەو دارستانانەی ڤێتنام كە ئەم چەكە كیمیاویانەی تێدا بەكار نەهێنراوە 145 – 170 جۆر لە مەلی تێدا دەژین . بەلام لە ناوچە وێران و بەر ژەهر كەوتوەكان تەنیا 24 جۆر مەلی تێدا دەژی . جگە لەمە مندالی سەقەت لە دایك بوو، جۆری گەشە كردنی نائاسایی مندال لە سكی دایكیدا و نەخۆشی سەرەتان لە مرۆڤدا ئەنجامی بەكارهێنانی ئەم چەك و مەوادانە بوە لە ڤێتنام . سەردانی ئەو ژن و پیاوە ئەمریكیە تۆكسیكۆلۆجەی كە لەم كاتە ناوەكانیانم لەیاد نیە چونە هەلەبجە و دوای دە سال هەمان دیاردەیان لە ڕوی پزیشكیەوە سەلماند، دۆكومێنتێكی گرنگە بۆ ڕاستی بابەتەكە . ڤێتنامیەكان بۆ ئەم مەبەستە ئینستیتوی تایبەتیان بۆ دروست كردوە كە ئەم دیاردانە هەموی دەبینرێن و لە ڕوی پزیشكیەوە بەردەوام لێی دەكۆلرێتەوە . هەتا ئەمرۆكەش هۆی لەبارچونی مندال

www.kurdistannet.org

دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجامی ئەم مادە و چەکە خەتەرە " هەندێ لەم مندالانەیان لەناو شوشەی تایبەت داناوە لە ئینستوتە پزیشکی و مۆزەخانە تایبەتەکان بۆ ئەم مەبەستە بۆ بەدۆکومێنت کردنی و بینینی لەلایەن رای گشتیەوە .

(9)

## کۆنگرەکەی پاریس

لە 7 – 89/1/11 دوای کارەساتەکەی هەلەبجە بە ماوەیەك کۆنفرانسێك سەبارەت بەم کێشەیە کرا لە پاریس کە چەند بڕیارێکیشی دەرکرد ، بەلام نەك هەر کوردێکی عێراق رێگا نەدرا وەك چاودێریش بەشداری تێدا بکات بەلکو هەر بە یەك وشەش باس لە عێراق نەکرا . یەکێتی نەتەوە یەکگرتوەکان کاتی خۆی حکومەتی عێراقی تەنانەت مەحکوم نەکرد بەرامبەر بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی نێودەولەتیی قەدەغەکراو لە هەلەبجە .

(10)

## کورد لە دەرەوە و لە ئەلمانیا چ هەنگاوێکی ناوە بۆ ئەم مەبەستە ؟

هەنگاوەنانی فیعلی چ بۆ بە سیاسی کردنی مەلەفی هەلەبجە لە ئەوروپا بە گشتی و لە ئەلمانیا بە تایبەتی ، پێش هەمووشت ئەرکی دوو پارتە سەرەکیەکەی کوردستانی عێراق و حکومەتی هەرێمە بە رێگای نوێنەرایەتیەکانیانەوە ، چونکە پارتە کوردیە بچوکەکان توانای مادی و سیاسیان بە گشتی لاوازە ، هەرچەندە ئەم لایەنانەش هیمەتی کاریگەریان بۆ ئەم مەبەستە دیار نیە ، وهەروەها تەجروبە لەو سالانەدا نیشانی دا کە دامودەزگای حکومی ئەلمانیا کە باسەکەی منە لێرەدا لەگەل ئەفراد وتوویژ و موفاوەزە ناکەن ، بەلکو تەنیا لەگەل نوێنەرایەتی رەسمی حکومی و حیزبی دەیکەن . دەسەلات و توانا مادیەکەش دراوەتە دەست ئەم نوێنەرایەتیانە کە بریتین لە تاکە کەس نەك دامودەزگا (موسسە) . لەسەر ئاستی دبلۆماسی ، لەسەر ئەو ئاستەی کە (دەعوای رەسمی) لەسەر ئەم کارگانە لە دادگا پێشکەش بکەن و پارێزەری (چەند پارێزەرێکی) تایبەتی شارەزا لەم بوارانە بۆ بگرن و داوای تەعویز بکەن و کۆنگرەی رۆژنامەگەری بۆ ببەستن و کێشەکە بکەنە شتێکی سیاسی . . .هەتا ئێستە هیچ کام لە نوێنەرایەتی حیزبە کوردیەکانی عێراق ئیتر لەبەر هەر هۆیەك بێت بەم ئەرکە هەلنەستاون . تەنانەت ئەو سالانەش هەر نەکراوە کە حکومەتی هەرێمی هاوبەش هەبو ، وکورد لە پایتەختی ئەلمانیا بیرۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقی بە رەسمی هەبوو کە وەك سەفارەتێك وابوو کە نوێنەرەکانی رۆلی سەفیری کوردستانی عێراقیان دەبینی . هیچ پارتێکی تری کوردی بەم هەنگاوە هەلنەستاوە وەك (پ . ك . ك) کە خۆی بە خاوەنی هەموو کوردستان و رزگارکەری کوردستان دەزانێت لەژێر یەك ئالای (پ . ك . ك) دا و خاوەن سەدان ملیۆن مارك و دۆلار و توانا و دەزگان بە تایبەت لە ئەلمانیا . هیوای پێ دەخوازم کە لە ئایندەدا بە پشتگیری حکومەتی هەرێم ستراتیجێك گەشە پێبدەن و کورد بە یەك هەلوێست و بە یەك بەرنامەوە هەنگاوێکی جدی بۆ بنێت و هەندێ پارەی بۆ خەرج بکرێت . ئەمە مانای وا نیە کە ئێمە ئەم ولاتانە لە خۆمان زویر دەکەین لە زروفێکی ناسکی کورد دا لە عێراق . بە پێچەوانەوە مەلەفی هەلەبجە و مەلەفی چەکی کیمیاوی وە ئەوەی ئەنفال مەلەفێکی سیاسی گەورە و چەکێکی بەهێزە بە دەست کوردەوە بۆ بەکارهێنانی ، و بۆ بەدەست هێنانی ئامانجی سیاسی و نەتەوەیی کوردیی لەسەر ئاستی ناوخۆ و ناوچەو نێودەولەتی . بەلام راستیەکیش هەیە کە دەبێت ئاماژەی بۆ بکەم ئەویش ئەوەیە کە بە هەموو کەموکورتی و رەخنەشەوە بە شێوەیەکی سەرەکی تەنیا یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوە کە ئاورێکی فیعلی لە قوربانیانی هەلەبجە و چەکی کیمیاوی و ئەنفال دابێتەوە ، ئیتر سیاسی ، مادی ، یان مەعنەوی بوبێت ، ئیتر کەمیان زۆر ، وهەمیشە بە هی خۆی زانیوە . لە کۆتایدا دەلێم ئەگەر کیمیابارانی کوردستان و تراژیدیای هەلەبجە و ئەنفال کردنی 182 هەزار مرۆڤی کورد و ، و وێران کردنی زیاتر لە چوار هەزار دێهاتی کوردستان و دەربەدەر کردنیان و تراژیدیای کۆچ و رەوی کورد و بێ سەروشوێن کردنی هەشت هەزار بارزانی و شەهید بونی بە دەیان هەزار مرۆڤ لە پێناوی ئازادی و پاراستنی کەرامەتی نەتەوەیەك ، بە کورتیەکەی ئەگەر قڕکردن و چارەنوسی نەتەوەیەك یەکمان پێ نەگرێت و ستراتیجیەتی هاوبەشمان پێ دروست نەکات ئیتر نازانم ئاخۆ چ شتێکی تر بتوانێت یەکمان بخات و بە هاوبەش نیشتمان و نەتەوەی خۆمان بپارێزین کە بە هەموو

[1] لە کتێبی (نەهێشتنی چەکی ژەهراوی) ، زانا سروشتی و شارەزا پزیشکیەکان ئیشارەی جدی ئەدەن بۆ مەترسی چەکی کیمیاوی و بایۆلۆجی . لە لایەن هەردوو پرۆفیسۆر ( WERNER DOSCH + PETER HERRLICH) ئامادە کراوە و لە چاپخانەی (FISCHER) لە فرانکفۆرت/ئەلمانیا لە چاپ دراوە .

جیاوازیەکی سیاسی و حیزبی و چینایەتیشمانەوە پێویستە بەرژەوەندی هاوبەشی هەمووهێز و تاکە فەردێکی نەتەوەکە بێت و لە نوسینەکەشدا دیارە تیشکێك چۆتە سەر ئەوەی کە لە چ جیهانێکی بەرژەوەند پەرستیدا دەژین . بە یەکێتی و یەککگرتن و بەهێز کردنی هەستی نەتەوەیی و دادپەروەری و گرتنەبەری ڕێگای ڕاست دەتوانین ژیانی نەتەوەکەمان لەو ئازارە گیانی و ڕۆحیە کەم بکەینەوە کەدەیان سالی دورودرێژە تێیدا دەژی .

(11)

پرۆفیسۆر هێندریکس سەرۆکی یەکەم وەفدەکەی UN بەم شێوەیە باسی گەشتەکەی هەڵەبجەی بۆ کردم

ئەم باسەی کەدەیخوێنیتەوە بریتیە لەو تووێژە ڤیدیۆییەی کە من لە لەگەڵ تۆکسیکۆلۆجی بەلجیکی ئەنجامم داوە لە چوارچێوەی کۆنفرەنسێك لەشاری بریمن/ئەڵمانیا لەژێر ناونیشانی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا کە بانهێشت کرابوو بۆ پێشکەش کردنی لێکۆلینەوەیەکی خۆی و وەفدەکەی بۆ هەلەبجە و ناوچەکانی کیمیاباران لەکوردستانی عێراق ، وهەوەرها لەبەشێکی ئەو وتارەی کە پرۆفیسۆری ناوبراو لەکۆنفرەنسەکەدا پێشکەشی کردو بابەتەکەی لەپاڵ ئەوانەی تردا دواتر کرانە کتێبێك و بەزمانی ئەڵمانی بلاو کرانەوە . من کورتەیەکی زۆر کەمی هەردوو بەشەکە بەم شێوەیەی خوارەوە بۆ بەڕێزتان دەگێڕمەوە :

لەدوای کارەساتەکەی هەلەبجە ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتوەکان یەکەم وەفدی خۆی بەسەرۆکایەتی پرۆفیسۆر (Aubin Heyndricks) ناردە کوردستانی عێراق بۆ لێکۆڵینەوە لەکارەساتەکەی هەلەبجە و دەوروبەر . لەڕۆژی دوو شەمەی ڕێکەوتی 1988/4/11 وەفدێکی شارەزا لەبواری پزیشکی و تۆکسیکۆلۆجیدا بەڕێگای کرماشانەوەڕۆیشتنە هەڵەبجەلەژێر سەرۆکایەتی پرۆفیسۆر ئاوبن ، سەرۆکی بەشی تۆکسیکۆلۆج لە زانکۆی گێنتی بەلجیکالە 10–1988/4/14 خایاندبۆ لێکۆلینەوە لەم کارەساتە . پرۆفیسۆر ئاوبن بەم شێوەیە دەربارەی دوا :

"بەهەلیکۆپتەرێك لە ئێرانەوە براینە هەلەبجە و لە ڕۆژی 1988/4/11 لەکاتژمێری 30و10 گەیشتینە ئەوێ بۆ ئەنجامدانی لێکۆلینەوەکەمان . لەگەڵ خۆماندا ئامرازی پێویستیمان بردبوو وەك جل وبەرگی تایبەت و قیناعی غاز و شتی تری پێویست بۆ کۆکردنەوەی هەندێ لە کەرەسە ژەهراویەکان بۆ بردنەوەیان لەگەڵ خۆماندا بۆ بەلجیکا . لەسەرەتادا هاتینە ناو شارێکی تەواو بەجێهێلراو و مردوکە بەهیچ شێوەیەك ژیانی تێدا نەمابوو . چەند سەربازێك (دیارە مەبەستی سەربازی ئێرانیە –نوسەر) و 10 پیاوی کوردی لێبوو کەلەشاخەکانەوە هاتبونە خوارێ . لۆریەکی ئێرانی لەسەر شەقامەکە بوو کەلەلایەن کوردەکانی دەوروبەرەوە بەکرێ گیرابوو پڕکرابوو لە مۆبیلیات و کەرەسەی ماڵ کەبیانبا تە ناو ئێران . پێشەکی لەژێر کەرەسەی خانوە ڕوخاوەکاندا کۆمەڵە گیانلەبەرێکمان بینی کە بۆگەنیان کردبوو ، وهەروەها لاشەی مرۆڤێك لەژێر کەرەسەی خانوەکەدا کە دەستی هاتبوە دەرێ و نینۆکەکانی شین بونەوە . کەبەبەردەم ماڵەکاندا ڕۆیشتین بۆنی شتێك ، مادەیەك دەهات کەبەبۆچونی من بۆنی لاشەی مرۆڤ بوو . بەپێی پرسیارو زانیاریەکانی ئێمە وزانیاری یاریدەدەرێکی پزیشکیی ( medicins sans frontieres ) پێی وتین کەهەتا ئەو کاتە زیاتر لە 3800 کوژراو ، وزیاتر لە 10 هەزار بریندار هەبوە . بەلام لەو بارودۆخەدا کاتەکە زۆر کورت بوە کەبتوانرێت سەرژمێری لاشەکان بکرێن . زۆربەی زۆری لاشەکان بەپێی شەریعەتی ئاینیی نێژرابون . نەسوتێندرابوون و بەکۆمەڵ نەنێژرابوون و بکرێن بەژێر خاکەوە . خەلکەکەشوێنەکانیان نیشان ئەداین و ئێمەش ئەچوینە لای لاشەکان . لەکوژراوەکان و لە خۆلی زەوی و جل و بەرگە بەجێماوەکان و قژی مردوەکان هی ژنێك ، یان هی منداڵێك ، و لەپاشماوەی بۆمباکان و بەرد و ڕوەکە سوتاوەکان ، لەهەریەکەیان شتێکمان لێ دەکردنە ناو قتوی تایبەتەوە . هەموو کەرەسە وەرگرتوەکانمان بەباشی تۆمار دەکرد و سەریمان دادەخست بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە دەربارەیان لەبەشی تۆکسیکۆلۆجیی لەزانکۆی گێنت لە بەلجیکا . لەتاران بەڕێگای وەرگێڕی زمانەوە پرسیارمان لەدوو کچی کورد کرد سەبارەت بەچۆنیەتی ڕوداوەکە . ئەم دوو کچە کوردە زۆر ئاسان بەلام زۆر بەتەواوی بۆیان باس کردین کە لەڕۆژی هەینی 3/16 کەخۆیان شاهیدی کاتی بۆردومان کردنەکەن کە نیوەڕۆ دەستی پێکرد و هەتا ئێوارەی خایاندبوو . 10 جار هێرشی بۆمبا کرابوو ، هی گازی ژەهراوی و چەکی ئاسایی . ئەم دوو کچە کەناوی یەکێکیان سالحە و تەمەنی 14 ساڵ بوو ، وئەوەی تر تەمەن 22 ساڵ بەناوی لەیلا حەبیبولا و هەردوکیان خەلکی هەلەبجە بوون . بەر جۆری گازی زەنف ( YPERITE ) کەوتبوون . هەردوکیان هیوای مانەوەیان لەسەر ژیان زۆر کەمبوو . هەندێ کەس کە لەماڵەوەیان هەلاتبوون بۆیان باس کردم کە کچیان بینیبوو کە دەکەوتن و دەمردن ، ئیتر بەپێی ئەوەی کێ و بەرچ جۆرە ژەهرێکی کیمیایی کەوتوە . هەندێ خەلکی تر لەشەقامێکی تری تەنیشت بەر جۆرە بۆمبایەکی تری کیمیایی کەوتبوون کەزۆر بەئەشکەنجەوئازارەوە مردبوون . چاوەکانیان وەك سەری دەرزی دەرپەڕیبوو ، خوێن لەدەمیانەوە هاتبوە دەرێ . هێزی ئەژنۆیان شکابوو وە

دوای چەند خولەکێك گیانیان دەرچبوو . ئەمە گازی ئەعساب بوە (neurotoxik gas) . هەندێکی تریان کێشەیان لەبەشی چاو و پێستدا بۆدروست ببوو کە گازی زەنف هۆی سەرکی ئەم دیاردەیە بوە . لەو شەقامانەی تر کە سەردانیمان کردن ، لەشەقامی کانی گۆلکە لەگەڕەکی پاشا هەمان ئەعرازمان بەدی کرد وەك ئەوەی شەقامەکەی تر کە سێ کوردیش شایەتیی ئەم شتەیان بۆ داین هەروەك چۆن دوو کچە کوردەکەی خەستەخانەی عەسکەری تاران هەمان شتیان بۆ باس کردین . ئەم قسانە هەمووی لەگەڵ سەرنج و لێکۆڵینەوەکانی ئێمەدا گونجاو بوون و هەمووی ڕاست بوون . ژنێکی تەمەن 30 ساڵەی خەلکی شەقامی پیر موحەمەد لە گەڕەکی پاشاخانە ئەمیش بەر گازی زێنف کەوتبوو . شایەتەکانی ئێمە ، کە بەبرینداریی لەچەکی ژەهراوی ڕزگاریان ببوو لەمردن وەسفی ئەعرازەکانی شەڕی مان و مردنی ئەم ژەهرەیان بۆ کردین . وەسفەکانیان بەتەواوی دەگونجان لەگەڵ لێکۆڵینەوەکانی ئێمە و ڕاستی بەرهەمی ئەنجامەکانی بەتەواوی خستە ڕوو بۆمان . دوای هەڵەبجە بەهەلیکۆپتەر بەسەر چەند دێهاتێکی تردا هاتوچۆمان کرد وەك (دۆژینە ، خورماڵ و عینەب) . ئەم شوێنانە وەك ناوچەی مردوو وابوون چونکە دانیشتوانەکانی هەموو لەترسی چەکی کیمیایی هەلاتبوون . ئێمە نەمانتوانی لەم گوندانە بنیشینەوە لەترسی چالاکی و پێکدادانی سەربازی . لەخەستەخانەی عەسکەری لەتاران وتوویژمان لەگەڵ کچێکی تەمەن 12 ساڵەی خەلکی گوندی دۆژینە کرد کەزۆر بەخەستی بەر گازی زێنف کەوتبوو . کارەساتەکەی دۆژینەی بۆ گێڕاینەوە کەمرۆڤ دەتوانێت بەتراژیدیایەکی گەورە نێوی ببات . نیوەڕۆکەی بەهەلیکۆپتەرەکە گەڕاینەوە ناوسنوری ئێران و دواتر بە فرۆکەیەکی ئاسایی گەڕاینەوە بۆ تاران . لەهەلەبجە پێیان ڕاگەیاندین کەگوندێکی تریش بەخەستیی بەر چەکی کیمیایی کەوتوە بەلکو بتوانین لەوێش کەرەسەی پێویست بەرین بۆ لێکۆڵینەوە لەگەڵ خۆمان . حەزمان دەکرد بەم کارە هەستین بەلام لەبەر هۆی ئاسایش و ترسی چالاکی سەربازیی نەمانتوانی بگەینە گوندەکە . دەمەوێت لێرەدا ئیشارە بەوە بدەم کەگوێزانەوەی کوردە بەچەکی کیمیایی کەوتوەکان بەپاس لە هەلەبجەوە بۆ کرماشان بەو شێوە گواستنەوەیەی ئەو قۆناغە نزیکەی 24 کاتژمێری ویستوە . ئێمە لێرەدا ئەو ئازار و ئەشکەنجەی ئەم مرۆڤانە و شەڕکردن و زۆرانبازیان لەگەڵ ژیاندا دەخەینە بەرچاوی خۆمان کەچۆن بوە . ئەو ڕێگا درێژە و نەبوونی توانای ژەهر دەرکردن لەئۆرگانەکانیان و چارەسەرنەکردنی پزیشکیان دەبێت بۆ خەلکە زامدارەکان زۆر بەئازار بوبێت . زۆر لەم مرۆڤە کوردانە بەڕێگاوە لەناو پاسدا گیانیان لەدەستداوە . تەنیا ژمارەیەکی کەمیان توانراوە بەهەلیکۆپتەر لەجێگا نشینەکانی خۆیانەوە بگوێزرێنەوە ، ئەگەر مرۆڤ ئەو وەزعیەتە بهێنێتە بەرچاوی خۆی کە بەهەزاران بەر چەکی کیمیایی کەوتوون و توانای هەلیکۆپتەریش دیاری کراوە . من لێرەدا ئاماژە بەڕاپۆرتی ژمارە 88/RN/0491ی د . رفیق خان دەکەم وەك ڕێکخەری دەسگای تەندروستی (WHO/UNHCR) هی بەرواری (1988/4/10) " .

خوێنەری بەڕێز : من لێرەدا ناچمە تەرجومە کردنی یەکەیەکەی ڕاپۆرتی ئەنجامە پزیشکیەکانی ئەم تیمە لەناوچەکانی هەڵەبجە و دەوروبەر کە دوای لێکۆڵینەوەکەی زانکۆی ناوبرای بەلجیکا لەبەشی تایبەت و لای کەسانی پسۆر . چونکە ژمارەیان زۆرە وکات و شوێنی تایبەتی خۆی دەوێت . پرۆفیسۆر AUBIN دوای گەڕانەوەی لەئەلمانیا بۆ بەلجیکا دوو کتێبی قەبەی بەزمانی ئینگلیزی بۆ ناردم کە سەرجەم ئەنجام و ڕاپۆرتە پزیشکیەکانی تێدا تۆمار کراوون و زیاتر لە هەزار لاپەڕە دەبێت و هەمووی بەژمارە و ناووەوە زانستانە تۆمار کراون . من ئەمە بەبەلگەنامەیەکی پزیشکی و مێژویی وسیاسی لەقەلەم ئەدەم بۆ کورد بۆ بەکارهێنانی و وانە خوێندن لەسەری و داناني لە پەرتوکخانەی ولاتی خۆمان بۆ کەلك وەرگرتن لێی لەبوارە جیاجیاکاندا . دوای هەر لێکۆڵینەوەیەکی پزیشکیی بەڕاپۆرتێکی کورت ئەنجامەکەی خراوەتە بەردەم . من لێرەدا چەند سەرنجێکی کەمی تەنیا یەکێك لەم ڕاپۆرتانە دەنوسمەوە ، بەلام نەك ئەنجامە پزیشکیەکەی . . . .

پرۆفیسۆر ئاوبین : "سەرجەم ئەو فەحسانەی کە کردومان هی کوردەکانی هەلەبجە و ناوچەی دەوروبەر بەهیچ شێوەیەك گومانی تێدا نیە کە لەم ناوچانە چەکی کیمیایی بەکارهێنراوە و ئەم مرۆڤانە لەئەنجامی ئەم چەکە کوژراون ، یان زامدار بوون . گازی زەنف (YPERITE) ئۆرگانیکی فۆسفاتە و پلازمای خوێن لەکار دەخات ACETYLCHOLINESTERASE-- (TABUN، SARIN) یان بابەتی لەم جۆرە ژەهرانە بەکارهێنراون . سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی مێتالی (مەعدەنی) بۆمباکە کەلەناو ماڵە ڕوخاوەکاندا دۆزیمانەوە هەمان ئەو مەعدەنەیە کەکاتی خۆی لەڕاپۆرتی ژمارە (2 .CTA/PJ1984) هی بەرواری 1984/7/1 کەلە دورگەی مەجنوون لە ئێران وەسفمان کردوە و بەکارهێنرابون . هەندێ لەو بریندارە کوردانەی کە ئێمە لەئێران بینیمان هەمان ئەو ئەعرازانەیان هەبوو کەلە ڕاپۆرتەکەی 1984/7/1 ئاماژەمان پێدا کەلە خەستەخانەی گێنت بۆ چارەسەر کردن هێنرابوون (بەواتا ئەو ئێرانیانەی کە حکومەتی ئێران ناردبوونی بۆ چارەسەر کردن بۆ خەستەخانەی ناوبراو - نوسەر) . ناوچە کوردیەکانی عێراق کە لەهەلیکۆپتەریشەوە ئێمە وەك پسپۆری ئەم بوارە بەووردی لێکۆڵینەوەمان

www.kurdistanet.org

دەربارەی ئەنجامدا و سەرنجمان دای بەتەواوی گومانی نەهێشتۆتەوە لەوەی کە ئەم چەکە کیمیاییانە و بۆردومان کردنەکان لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە ئەنجام دراوون. گێنت، 1988/4/27 – بەئیمزای پرۆفیسۆر AUBIN) HEYNDRICKS".

(12)

ئەنجامی لێکۆڵینەوەی وەفدەکە

لەلێکۆڵینەوەکەی ئەم تیمە پسپۆرە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان خۆی ناردونی بۆ کوردستان و ئەنجامەکەی خرایە بەردەم ئەو گومانەی نەهێشتەوە کە:

1) چەکی کیمیایی بەکارهاتوە لە کوردستان، و بەرامبەر بەخەڵکی مەدەنی بێ دەسەلات لەژن و پیاو و منداڵدا لەناو قوڵایی ژیانی ئاسایی ڕۆژانەیاندا.

2) ڕژێمی عێراقی بەکاری هێناوە و لەگەڵ ئەوانەی 1984ی کاتی شەڕی ئێران – عێراقیش بەکتر دەگرنەوە کە زیاتر لە 50 هەزار سەربازی ئێرانی تێدا بەچەکی کیمیایی لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە کوژران.

3) ئەم چەکە کوشندەیەی کە بە پێی بڕیاری (1925/9/17) ی جنێف کە بەکارهێنانی لە جیهاندا قەدەغەیە، نەك هەبوونی. بڕیارێك کە دەوڵەتی عێراق لە ساڵی 1931وە ئیمزای کردوە. ئەو چەکەی بەکارهێنرا هەرچەندە بە پێی بڕیاری ژمارە 2826ی (12/16/1971) ی نەتەوە یەکگرتووەکان، بڕگەی 26 کە دەبێت خەڵکی بێ چەك لە شەڕدا بپارێزرێت، بە یاسای ژمارە 2827ی (UN) ی هەمان بڕیار دەبێت کۆنترۆڵی چەکی کیمیاوی بکرێت بۆبەکارنەهێنانی. من ئەو پرسیارە دەکەم کەئەی کەواتە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم یاسایانەی بۆچی و بۆ کێ لەسەر ئاڵاکەی نوسیوەتەوە؟ ئەم دەوڵەتانەی جیهان بۆچی ئەم ڕێککەوتننامانەیان ئیمزا کردوە ولەمانەش خراپتر ئەوەیە ئەی بۆچی ئەم ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان کەدەبێت خاوەنی بڕیار و هێز و دەسەلاتی قانونی نێودەوڵەتی بێت ڕژێمی عێراقی تاوانبار و مەحکوم نەکرد کە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەکوردستان لەلایەن بەغداوە بەرامبەر بە کورد لەسەر مێزەکەیدایە، هی وەفدێك کە ئەم ڕێکخراوە خۆی ئۆپەراسیۆنەکەی پێ سپاردوە و ئەنجامەکەیشی لەبەردەمدایە. بۆچی؟؟ گوایە دەبێت دەوڵەتێك داوایەك بەرەسمی پێشکەش بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات و داواکاریەکە وەربگیرێت و ئەوکاتە وتوێژ دەربارەی بکرێت.

لەکێشەی هەڵەبجە و کیمیابارانی کوردستاندا پرۆفیسۆر ئاوبین پێی وتم کە "هیچ دەوڵەتێك، هیچ حکومەتێك ئەم دواکاریەی پێشکەش نەکرد". لێرە پرسیارێکی زۆر دێتە پێش کە بۆچی دەبێت یاساکە بەم شێوەیە بێت و نهێنی ئەم شتە لەچیدایە؟ خۆ ئەمە یانەی وەرزش نیە، بەڵکو پەیوەندە بەچارەنوسی مرۆڤ و نەتەوەکانەوە، بە مەسەلەی ژیان و مردن و پاراستنی کەرامەت و مافی مرۆڤەوە. بەم یاسایە بێت کەواتە دەکرێت ڕژێمی سەدام 2 ملیۆن کوردیش بەژەهر بخنکێنێت و بە سەدان هەزاریشیان لێ ئەنفال بکاتو کەسیش نەبێت بەرگریت لێبکات. ئەم تاوانە لەهیچ یاسایەکی ئاسمانی و زەمینیدا جێگای نابێتەوە. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان خۆی کردوتە دایك و باوکی ئەم چەند ملیارد مرۆڤەی سەر ڕووی زەمین، ئەی نابێت ئەرکی دایك و باوکایەتیەکەی خۆی بەجێ بهێنێت و منداڵە لاسارەکانی باش پەروەردە بکات و لەکاتی پێویستدا سزای بەزانی سنوری خورپەوشتیان بدات. بەلام تەجروبە نیشانی داکە ئەم دایك و باوکە بەئەرکی پێویستی خۆیان بەرامبەر منداڵەکانیان هەڵنەستاون و سستەمی پەروەردەکەی خراپە. هەرلەبەر ئەمهۆیە ئەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتیە (UN) بەم سترۆکتورەی ئێستەی هەتا سەر ناتوانێت بڕ بکات و کێشەی مرۆڤایەتی کەڕۆژ بە ڕۆژ لەبەتینتر بوون و قەبە بوندایە ناکرێت بەم بەرنامەو تەرکیبەی ئەمڕۆی چارەسەر بکرێن. ناو وناوەرۆکی ئەم ڕێکخراوەدژ بەیەکترن، لەنێوان تیۆری و پراکتیکدا. بەلام کورد لەبەر بێکەسی خۆی هەمیشە ناچار بوە سەر بەکۆشی هەموو دەزگا و ڕێکخراوێکدا بکات بۆمانەوەی لەسەر ژیان. بەباشی دەزانم کە لێرەدا کەمێك یاساکانی نەتەوە یەکگرتووەکان خۆی سەبارەت بەجینۆساید بەیاد بهێنمەوە:

(13)

نە برینداری و نە خوێن لە سەر جەستەی کوژراوەکان دەبینران

لەمانگی 1988/1 پسپۆری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان د. (ULRICH JANOBERSTEG) گەشتی ئەوناوچانەی کرد لە کوردستانی عێراق کە بەر چەکی کیمیایی عێراق کەوتن، بەواتا پێش ڕوداوەکەی هەڵەبجە بەدوو مانگ. د. ئۆلریش بەرامبەر بەبەشەکانی میدیا بەم جۆرە هەستی خۆی دەربڕی و وتی: "ئەم وێنانەم هەرگیز لەبەر چاو لاناچن".

گرووپێك لە ڕۆژنامەوانی بێگانە کە دوای ڕوداوی کیمیاویەکە لە ئێرانەوە دەچنە هەڵەبجە سەبارەت بە کوژراوەکانی گازی ژەهراوی بەرامبەر بە گۆڤاری ناسراوی هەفتانەی ئەڵمانی (شتێرن) لەبەرواری 1988/3/30 دەڵێن: "نە بریندار و نەخوێن لەسەر جەستەی ژنان و پیاوان و مندالان دەبیندرێ کە هێشتا لەسەر شەقام و کۆڵانەکان و لەناو ماڵەکاندا کەوتون. مردووەکان ڕەنگێکی سەیریان لێ نیشتوە، چاوەکانیان دەڕواننە بۆشایی، لیکێکی سپی لە دەمیان هاتۆتە دەر و پەنجەکانیان ڕەق بوون لە شەڕی مان و مردندا. . . . ".

ڕۆژنامەنوسی گاردیانی لەندەنی دێڤید هیرست دەنوسێ: "هەندێکیان هێزی ئەوەیان تیا مابوو خۆیان بگەیەننە دەرگای دەرەوەی ماڵەوە، و دوای چەند هەنگاوێك ئیتر هێزی ئەژنۆیان لەکار کەوتبو، دایکێك هەر هێشتا باوەشی بە منداڵەکانیدا کردبوو، پیاوێکی پیر هەوڵی دابوو کوڕە ساواکەی بە جەستەی خۆی بپارێزێت. . . . ".

بەڵێ ئەمانە هەمووی ئەوەی نەهێنا دڕندەیەکی وەك سەدامی پێ بدەن بەدادگای نێودەوڵەتی. دوبارە دەپرسم بۆچی؟؟ هەڵەبجە و ئەنفال تاقی کردنەوەی ویژدانی مرۆڤایەتی و دامودەزگا نێودەوڵەتیەکان بوو، و بەڕوونی نیشانی دا کە ئەم جیهانەی تێیدا دەژین چیە و مرۆڤیش چەندە دەتوانێت دڕندە بێت.

هەر بۆیە تەنیا خۆمان بەپلەی یەکەم دەتوانین خۆمان ڕزگار بکەین، بایەکبین و بەیەکێتی و بەهاوکاری نەتەوەییمان تێبکۆشین، باهەڵەبجە و ئەنفال یەکمان پێبگرێت و بیکەینە چەکێکی سیاسی گەورە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی و بۆ پێکهێنانی ستراتیجیەتێکی هاوبەش بۆ کۆکردنەوەمان لەژێر یەك چەتری نەتەوەییدا و دژ بەسیاسەتی قڕکردن و تیرۆر. ئێمەولاتی کەسمان داگیر نەکردوە و ناچاری بەرگری کردن لەخۆ کراوین و بۆ مافی مرۆڤایەتی تێدەکۆشین. ئێمەش مرۆڤین و ئەم تێکۆشان و بەرگری کردنەش لەبوون و مانەوە و گەشەپێدان بەخۆ یاسای سروشتە و مافی خۆمانە.

(14)

یاساکانی مافی مرۆڤ لە بەرنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا

لە یاساکانی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا کە لە 1948/12/9 داتۆمارکراوە، جینۆسایدلە گشت خاڵەکانیدا پێناسەکراوە کەبەئامانجی وێران کردنی سەرجەمیان بەشێکی نەتەوەیەك، کەمایەتیەك، ڕەگەزێك یان گروپەیەکی کۆمەلایەتی وئاینی ئەنجام بدرێن:

أ) کوشتنی ئەندامانی کۆمەڵگا

ب) بونە هۆی زیانی گیانی، یان دەرونی و ڕۆحی

ج) بە عەمدەن شێوەیەکی تری ژیان بەسەر ئەو کۆمەڵگایەدا بسەپێنیت کە پێشتر دەزانرێت کە دەبێتە هۆی خوڵقاندنی لەناو بردنی گیانیی سەرجەم یان بەشێکی کۆمەڵگاکە.

جاڕی گەردونی مافی مرۆڤ کە لە 1948/12/10 وەرگیراوە بڕیاری ئەوەی تێدایە: ... کە شتێکی جەوهەریە مافی مرۆڤ بە ڕێگای دەسەڵاتی ماف بپارێزرێت بۆ ئەوەی مرۆڤ لە دژی دڕندەیی و چەوساندنەوە ناچاری ڕاپەڕین نەبێت وەك دوا ئامرازی بەرگری کردن لە خۆ.

بەلام لەبەر ئەوەی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا نەپارێزراوە گەلی کورد ناچار بوە لە دژی دڕندەیی و چەوساندنەوە ڕاپەڕێت و بەرگری لەخۆی بکات و وەك دوا ئامراز ڕێگای وەلامدانەوەی گونجاو بۆ خۆی هەڵبژێرێت. لە مادەی یەکی ئەم بڕیارەدا هاتوە: "هەموو نەتەوەیەك مافی دیاری کردنی چارەی خۆ نوسینی هەیە. . . کە لە ئازادیدا گەشە بە مافی سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتوری خۆی بدات" مانای بە پراکتیزە کردنی مافی چارەنوس بە مەرجی بوونی (وجهە نەزەرەکانی) سەرەوە بەندن. مافی چارەنوس بەبەدەستهێنانی سەربەخۆیی کۆتایی نایەت، بەڵکو لە دوای بەدیهێنان و پێدانی تەواوی سەربەخۆیی یاسایی و سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتوری دەبێت. بەدەستهێنانی مافی چارەنوس مەرجێکی پێویستە بۆ مانەوەی فیعلی مافی مرۆڤ و سەربەستیە سەرەکیەکان. بەپێی یاساکە بێت هەموو ئەندامێکی نەتەوە یەکگرتوەکان ڕێگای پێدراوە پشتگیری لە مافەکانی نەتەوەی کوردیش بۆ دیاری کردنی مافی چارەی خۆ نوسین بکات. لە بڕیاری ژمارە 1904ی 1963/11/20 دەسگای ناوەندی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ڕازی بوە بە وەرگرتنی بڕیاری نەهێشتنی هەموو جۆرێك لە ڕەفتاری ڕەگەزپەرستانە. ئەمانە تەنیا چەند نمونەیەکی زۆر کەم بوون بۆ یاساکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان کە مەرجەکانی دەست درێژنەکردن بۆ مافەکان دیارکردوە کە کوردیش هەر وەك هەموو نەتەوەکان و ئەندامێکی ناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی مافی بەکارهێنانی هەیە. عێراقیش ئەندامێکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانە و ئەم یاسایانەی ئیمزا کردوە. بەلام ڕاستیەکە ئەوەیە کەحکومەتی عێراقی بە توندترین شێوە ئەم ڕێککەوتننامانەی پێشێل و بریندار کردوە. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانیش وەك دامودەزگاکە خۆی هیچ کات هەنگاوی پێویست

و کاریگەری نەناوە بۆ مەودای دوور بۆ ئەوەی مرۆڤی کورد لە مافەکانیدا بپارێزێت . رژێمی بەغدا دیارە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانی ئەو کاتەی پێ پەسەند بوە ، بەلام ئێستە هەر بەیاساکانی نەتەوە یەکگرتوەکان خۆی هێرش و رەخنە دەکاتە سەری و دەلێت UN بەپێی پرەنسیبەکانی خۆی رەفتار ناکات . بەلێ ئەوەی کە بەم یاسایانە پێی دەوترێ ماف لەلایەن حکومەتی مەرکەزی عێراقەوە بە گەلی کورد نەدراوە . بەمە گرنگترین سەرەتاکانی مافی مرۆڤ لەو بوارانەی کە پێشتر ئاماژەم بۆ کردن لە نەتەوەی کورد دزراون . لەبەر ئەوەی رژێمی عێراقیش ئیمزای ئەندامەتیەکەی خۆی لە نەتەوە یەکگرتوەکان بەجێ ناهێنێت و رێککەوتنە نێودەولەتیەکانی سەبارەت بە مافی مرۆڤ لە عێراق ، و بە تایبەتی هی کوردی پێشێل کردوە ، گەلی کورد ناچاری ئەوەبوە کە بە شوێن بەدیلێك (ئالتەرناتیڤێك) دا بگەرێت بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خۆی ، وەك مرۆڤ ، و وەك نەتەوە . ئەم ئاتەرناتیڤەش تەنیا هەلگری رێگای خەباتی سیاسی و چەکداریی دورودرێژ خایەن بوە و ناچاری ئەم رێگایە کراوە .

(15)

هەلەبجە و ئەنفال مەلەفێکی سیاسی گەورەیە

پێویستیەکی نەتەوەیی و مێژوییە کە ئێمەی کورد بە یەك دەنگ یادی ئەم بیرەوەریانە بکەینەوە . ببنە بەرنامەی خوێندن لە قوتابخانە و زانکۆکاندا . بە یەك دەنگ و بە یەك بەرنامە لەم ولاتانەی جیهانی دەرەوەش و لە یەکێتی نەتەوە یەکگرتوەکان بەرامبەر بە لێپرسراوان داوای مافەکانی قوربانیانی چەکی کیمیاوی بکەین ، هەروەك مافی ئەنفال و ترازیدیاکانی ترمان ، چونکە کێشەی حیزبێك ، یان چەند حیزبێك نیە بەلکو هی هەموو نەتەوەی کوردە و بوتە مێژوی ئێمە ، ئیتر بمانەوێ ، یان نەمانەوێ . ئەمرۆکە بۆ ئێمە هەلومەرجێك هاتوتە پێش کە هەموو رۆژێکی زۆر دەکەوێت لەسەرمان ئەگەر بەکاری نەهێنین . یەکەم شتیش ئەوەیە کە لە ناو کوردستانی خۆماندا مالی خۆمان رێك بخەین و یەك بین و ئەوە دروست بکەین کە سبەینێ دەبێتە چەکێکی سیاسی و یاسایی بۆمان . هەتا زوتر باشتر . کێشەی کوردستانی عێراق ئەگەر بە رێژەیەکی کەمیش بوێت ، بەلام لە هەموو کات زیاتر لە مێژوی خۆیدا لەسەر ئاستی ناوچەو نێودەولەتی باس کراوە و بەرەو بوون بە سیاسی بونی کێشەکە رۆیشتوە . هەمان یەکێتی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ یەکەم جار لە مێژوی خۆیدا بریاری دروستکردنی ناوچەیەکی ئارامی بۆ کوردستانی عێراق دەرکرد و لەسەر ئاستی نێودەولەتی باس لە کێشەی کورد لەم بەشە ی کوردستان کرا . ئەمانە هەمووی دەست کەوت و جێگا پێکردنەوەیە بۆمان ئەگەر بتوانین و بزانین چۆن بەکاری بهێنین .

سالار حەمە سور باسیرە ئەلمانیای فیدرالی 3/2002

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.**

www.kurdistannet.org کوردستان نێت